پاشماوەی

## پەکەکە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم بەرز دەنرخێنێ..

سەرەتا چادرچی ووتی" لەچەند رۆژی رابردوودا هێزەکانی ئێران و تورکیا دەستیان داوەتە هێنانی هێزی سەربازی بۆ سنورەکانی باشوری کوردستان.. ئێران لەلایەن سوپای پاسدارانەوە هێزەکانی لەناوچەی سەلماس و شەهیدان و ماکۆ کۆکردۆتەوە و ئەو هێزانە پر چەك کراون و چەندین کاتیۆشاو چەکی هەمەچەشنیان پێیە..وتیشی لەلایەکی ترەوە هێزەکانی تورکیا لەناوچەکانی بەتلیس و شەمزینان و شرناخ و دێرسیم کەوتونەتە هێچز کۆکردنەوە لەناوچەکەو بەتایبەتی شەمزینان و شرناخ,سەرەرای ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوودا زیاتر لە ( 20000 ) کۆماندۆیان هێناوەتە ناوچەکەو رۆژانی 7و2007/4/8 سەدان ئۆتۆمبێلی باهەڵگرو دەبابەو سەربازیان کۆکردۆتەوە,کۆکردنەوەی ئەم هێزانەش پاش ئەوە دێت کەفەرماندداری هێزەکانی سوپای تورکیا لەچەند رۆژی رابردوودا چەندین کۆبوونەوەی نهێنییان لەگەڵ فەرماندارەکانی سوپای پاسداران سازداوە..چادرچی وتیشی"هەلویستی ئەمەریکا تاوەکو ئێستا گومانی ئەوەی لێدەکرێ کەدژی هەر ئۆپەراسیۆنێك بێت بۆ باشوری کوردستان ولەهەمان کاتدا وتیشی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بەرز دەنرخێنین و هیواخوازین تەواوی هێزەکانی باشور هەمان هەڵوێستیان هەبێ و بەپراکتیکی لەهەولی بەهێزکردنی یەکێتە نەتەوەیی دا بن.

چادرچی بەردووام بوو ووتی" لەچەند رۆژی رابردوودا هێزەکانی گەریلا لەناوچەی وان لەدوو بنکەی پۆلیسیان داوەو زیانەکان ئاشکرا نەبوەو لەچەندین شوێنی تریش هێزەکانی تورکیا ئۆپەراسیۆنیان کردووە بەتایبەتی لە شرناخ و بنگۆل و دەرسیم و رووبەرو بوونەوەش رویداوەو زیاتر لە ( 9 ) سەربازیو پلە داری سوپای تورك کوژراونکە سیان لەوانە پلە دارن و یەك جاشیش کە کوردە لە نێو کوژراوەکاندا بووە..لەکۆتایی دا چادرچی ووتی گەر سوپای تورکیا بێتە باشور پێدەچێ هاتنی ئاسان تربێ لەچوونە دەرەوەی چوونکە مەحاڵە بگەڕێتەوەو باشوریان لێ دەکەینە گۆڕستان..

لەلایەکی ترەوە جەبار یاوەر وتەبێژی فەرماندەیی گشتی پاراستنی هەرێم بەتەلەفۆن بەرۆژنامەکەمانی راگەیاند کەنازانن قەبارەی ئەو سوپایە چەندە کە تورکیا هێناویەتیە سنوری باشوری کوردستان,بەلاّم لەم ماوەیەدا گرژیەك لە نێوان دەوڵەتی تورکیاو چەکدارەکانی پەککەسەری هەڵداوە,هێزەکانی تورکیاش لەهەلو مەرجی شەردان,بۆ نموونە لەم رۆژانەدا شەر لە ننێوان هەردوولایان رویدا لەناوچەکانی شیرناخ و کۆمەڵێك سەربازی تورکیای تیادا کوژرا..وئێستا تورکیا زیاتر بۆ کاری سەربازی لەباکوری کوردستاندا لەجم و جۆڵدان..بۆ مەسەلەی هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستان یاوەر ووتی لەو بروایەدا نیم کەلەم کاتەدا سوپای تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان چوونکە بە پێ ی بڕیارێکی دەولی هێزە فرە رەگەزەکان سنورەکانی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە دەپارێزن..

ناوبراو ووتیشی هیچ جۆرە رێکەوتنێك لەئارادا نی یە لەنێوان دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و دەوڵەتی تورکیادا بۆ لەناوبردنی چەکدارەکانی پەکەکە..و پێشم وانی یە کەسوپای تورکیا بوێرێت هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان..پاراستنی سنوری هەرێم لەئەستۆی حکومەتی عێراقیدایە..جگە لەوەش هێزی پاسەوانی سنورو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش گەر سوپای تورکیا بیر لەهێرش کردنە سەر باشوری کوردستان بکاتەوە یان هێرش بکات ئەو کاتە حکومەتی عێراقی دەبێت بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانهەرێمی کوردستان بپارێزن..

سەبارەت بەلێدوانەکانی سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تالەبانی کەداوای لێبوردنی کردووە و ئامادەیی دەربڕیوە بۆ لێدانی هێزەکانی پەکەکە جەبار یاوەر ووتی"من لەو بروایەدا نیم سەرۆك مام جەلال ئەو قسانەی کردبێت چوونکە ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نیەیە ئێمە دەخوازین لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت ..یاوەر سەبارەت بە ئامادەیی هێزی پێشمەرگە ی کوردستان بۆروبەروبوونەوە لەگەڵسوپای تورکیاووتی"هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەك بۆئەم حاڵەتە بەڵکو هەمیشە لەئامادەیی دا بووە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەرێم بەتایبەتی بەڵام ئێمە بەهیچ شێوەیەك نەکەوتووینەتە حاڵەتی ( ئینزارەوە ) بەرای من هەرەشەکانی تورکیا زیاتر بۆ بانگەشە کردنی هەڵبژاردنەکانی خۆیانە..

لەکۆتاییدا یاوەر ووتە"وتەکانی سەرۆکی هەرێمیش هەرەشە نەبووە,بەڵکو سەرۆك بارزانی ووتویەتی گەر تورکیا دەست وەربداتە کاروباری عێراقەوە بەتایبەتی کەرکوك ئێمەش مافی خۆمان دەبێ بەرگری لە کوردەکانی باکوربکەین..

دواتریش عوسمان ئوچ ئالان رایگەیاند کەئەو دژی هەر هەرەشەو گورەشەیەکی دەوڵەتی تورکیایەو ووتیشی من بەتەواوی پشتیواتی لەهەڵوێستی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی دەکەم و ئامادەشم ببمە سەربازێکی هەرێم بۆ روبەروبوونەوەی سوپای دەوڵەتی تورکیا و ووتی مەسەلەی پەکەکە مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبێت لەچواچێوەی تورکیاو بەدایەلۆگ و رێگاکانی دیموکراسی چارەسەر بکرێت..

# ئەگەرەکانی گۆڕان و ئەگەرەکانی بەردەمی ...!

***لەتیف فاتیح فەرەج***

ئایە بارودۆخی گۆڕان لە ئێستادا لە بارە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێ بە هێوری لە هۆی دروست بونی پرسیارەکە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە هەریەك لە "بارودۆخ" "گۆڕان" "ئێستا" و "لە بار" قسەی لەسەر بکرێ، بۆچی ئەو پرسیارە ئەمرۆ لەهەر کات زیاتر دێتە پێشەوە، درك بەوە نەکراوە کە ئاستی بەرپرسیارەتی سیاسەتوان و دەسەڵاتی کوردی لەبەرابەر تەواوی خەڵکی کوردستاندا وەك پێویست نیە، هەڵبەت با هەر بۆ نمونە ئەو ڕەهەندە فراوانەی کەوتوەتە نێوان خەڵك و دەسڵاتەوە لە لایەك و دروست بوونی دوو دنیای جیاواز لە لایەکی دیکەوە، هەر بۆ نمونە گەر هەولێر لە بەرچاو بگرین، ئێستا دوو دونیای جیاواز، دوو جیهانی تەواو لێکتر دور بەنزیك یەکەوە ژیان دەکەن ئەمەش سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکە کە دواجار نێوی بزوتنەوەی بگۆڕ لە خۆ دەنێت، لێرەدا جێ ی خۆیەتی لەسەر هەریەك لە وشەی" بارودۆخ، گۆڕان، ئێستا، لەبار، " هەڵوەستە بکەین، بارودۆخ یان ئاماژەدان بە بارو دۆخ هەڵسەنگاندنی ئێستایە وەك خۆی ئەمەش لەسەر بنەمای ئاوڕ دانەوە لە ڕابردو، هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە تایبەتەی کە پێیدا تێدەپەڕین، بارودۆخ پەیوەستە بەو دیاردانەوەکە ئێمە نا چاری ئەوە دەکەن قسەیان لەسەر بکەین، شرۆڤەیان بکەین، من بۆ خۆم بەردەوام لەسەر ئەوەی کە ئاستی پەرەسەندنی هۆشیاری لە چوارچێوەی قۆناغی فیوداڵیدا بەڕادەیەکی بەرچاو چەقی بەستوە، واتە ئێمە، مەبەستم کوردە نەمانتوانیوە هێشتا وێڕای قسەکردنی بەردەوامان لەسەر مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتە لەسەر پەرەسەندی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، لەسەر پەرەسەندی ئاستی سەرمایەداری و گەشەی سەرهەڵدانی کارگەو کارخانەو مانیفاکتۆر، هێشتا لە رووی قۆناغەوە فیوداڵیمان بەجێ نەهێشتووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم حیزبی ئێمە، دەسەڵاتی ئێمە، پارلەمان و حکومەتی ئێمە، تەنانەت پێکهاتەکانی بە حسێب کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە، نەیتوانیوە لە چوارچێوەی قۆناغی فیوداڵی تێپەڕبێ، هەر ئەمەشە کە دەبینین هێشتا خێڵ، هۆز، بنەماڵە حوکم دەکات، خۆی لە کارو باری حکومەت و حیزب هەڵدەقورتێنێ دەبێتە لەمپەر لە بەردەم گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، نمونەی تورەبونی خێڵ، هۆز، بنەماڵە لە ڕودانی هەر ڕووداوێکدا و ناچارکردنی حکومەت و حیزب بە مل دان، ئەمە رۆژانە دووبارە دەبێتەوە کە پێم وایە چ پێویست بە نمونە ناکات، قسە لەسەر ئەو هەموو خۆتێهەقورتانەی خێڵ و هۆزە لە کاروبارەکانی حیزب و حکومەت ، بەداخەوە دوای نزیکەی 12 ساڵ لە هەڵبژاردنی پارلەمانی یەکەم لە پارلەمانی دوەمدا یەکێتی و پارتیش هەندێك لەوکەسانەی بردیاننە پارلەمانەوە بە پێوەری خێڵگەری و لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خێڵدا کە دواجار ئەوە با قازانجی حیزب دەشکێتەوە ئەوەیان کرد، ئەگەر چی یەکێتی و پارتی لەم مەسەلەیەدا نەیانتوانی ئامانج بپێکن بەو پێیەی تۆ ناتوانی گرەو لەسەر کەسانێك بکەیت کە دواجار ئەوان لە دەرەوەی پێڕەو وبەرنامەی حیزبدا ملکەچی سیاسەت و ڕێو شوێنێکی دیکەن، کەواتە قسەکردن لەسەر بارودۆخ قسەکردن لەسەر ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیە، لەسەر ئاستی گەشە سەندنی کۆمەڵگە، لەسەر هۆشیاری بەمانا قوڵ و فراوانەکەی، کە قسە لەسەر " گۆڕان" دەکرێ قسە لەسەر بارودۆخێك دەکرێ کەیان وەستاوە، یان سستە، یاخود پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، گۆڕان واتە گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێ واتە گۆڕینی دۆخێك بە دۆخێکی جیاوازتر، دۆخی جیاوازتر کاتێك قسەی لەسەر دەکرێت کە جۆرێك لە چەقبەستن،وەستان مەین دروستبوبێت، گۆڕان کاتێك لەهەر دەم زیاتر دەکەوێتە واری قسە لەسەر کردنەوەکە دیاردەکانی بەتاڵانبردن، ڕوتانەوە، گەندەڵی، جیاوازی چینایەتی و زۆر بابەتی دیکە لەپەرە سەندنا بن، کەواتە قسە کردن لە گۆڕان لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئەو دیاردانەدا نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە لە ئێستایەکی خراپداین ئێستای خراپ، بەو مانایەی پێویستیمان بە گۆڕین و بە خۆداچونەوەیە من نازانم تا چەند ئەو بزوتنەوانەی قسە لە ڕیفۆرم و گۆڕان دەکەن بۆ خۆیان، توانای هەڵگرتنی ئەو ئەرکەیان هەیە، بەڵام ئەوە دەزانم کە بارو دۆخی کۆمەڵایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بە ئاڕاستیەکەدا دەڕوات کە چیتر پێناچێت ئاوا بمێنێتەوە، ئەمەش لەوکاتەداکە گەندەڵی بەڕادەیەکی ترسناك ڕوو لە هەڵکەشانە، لێرەدا قسە لەسەر لەباری ئەو گۆڕانکاریانە دەکرێ لە ئێستادا، لەباری بەومانایەی وادەی ئەوە هاتوە بێین قسەلەسەر گۆڕان بکەین، هەڵبەت بە بڕوای من نەك هەر قسە لەسەر کردن، بگرە خودی پرۆسەکە واتە پرۆسەی گۆڕان بە هەموو شێوەیەك لە ئێستادا لەبارەو بە بڕوای تەواوە ئێستا وادەی هەڵوێست وەرگرتنی جدیە!.

# گۆڕانی سیاسی لە کوردستانداو بەرەی گۆڕان وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن



***سامان عەلا***

زۆر جار لێرەو لەوێ دەبیستین کە لەفلانە هەڵبژاردن,یاخود ململانێ ی سیاسی دا,ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی رێژەیەکی زۆر بەرچاو دەنگ بەدەست بێنێ..هتد.ئەڵبەتە ئەم کێشمەکێش و ململانێیە زیاتر لەو ولاّتانەدا دەردەکەون کەسستمێکی سیاسی دیموکراتی بونی هەیە,لە ولاّتە دیکتاتۆریەکانی جیهاندا هەرگیز لەناوخۆی ولاّتدا,ئۆپزسیۆن بونی نی یە و دەرفەتێکی نی یە بۆ هەناسەدان,گەر هەشبێت زۆر بچوك و سەرکوتکراو ئەمە هاوکێشەیەکی زیندووی ژیانی سیاسی دیکتاتۆرەکانە, کە هەرگیز رێگە نەدەن بەهیچ جۆرێك ئۆپۆزسیۆن سەر دەربێنێت,هەموان دەزانین لە کوردستانی ئێمە شانزە ساڵ زیاترە ئێمە بینەری یەك جۆرو یەك شێواز و یەك سستمی سیاسی و دەسەلاّتین, جۆرێك کەپێ ی دەگوترێ دەسەلاّتی کوردی و شێوازێگ کە نیمچە دیموکراسی و دەسەلاّتێك کە تەواو فۆتۆکۆپی دەسەلاّتێکی باوك سالاریە,ئەم جۆرو شێوازو دەسەلاّتە کوردیەی ئێمە لەتەمەنی رابردوو خۆیدا,نمونەیەکی تازەی لەدنیادا بەرهەم هانی,نمونەیەك کەناکرێ بلّێیت دیموکراسی یەو ناشکرێ بلّێیت دیموکراسی نی یە,ناکرێ بلّێ ی مۆدێرنەو ناکرێ بشلێیت دواکەوتووە، نمونەی نوێی دەسەلاّتی کوردی ئیمەئەونمونەیەیە کەهەموو جورەکانی فکری تیداجێ دەبێتەوە,کاتێك کە ویستت, ئەوالاف و گەزافی دیموکراسەتیکی عەیار24لێ دەدەیت و بەپیچەوانەشەوە,دەسەلاّتی کوردی ئیمە لە (غیابی یاسا) دا وەك چون خەون بە مەرگی دوژمنەکەیەوە دەبینێ,هەندی جاریش حەز بەمەرگی خوی دەکات . لەکوردستانی ئیمەداجگەلەوەی جیگەی ژیانی هەموو جورە فکرو ئایدولوژیاوگروپ وکومپانیای جوراوجوڕە,ئاوهاش جیگەی (ئەنواع وئەشکال) حیزبی موعارزو ئۆپوزسیونە, هەندێ لەحیزبەکان ئوپوزسیونی لایەنیکی دیکەی دەسەلاّتی کوردیەو بەپیچەوانەشەوە . هەندێکی دیکەش, بەرگێگی روکەشانەی ئۆپوزسیون بونی داوە بەسەریاو لەژێر لافو گەزافی دەسەلاّداران لێرەدا. هەندیکیش هێندە ئۆپوزسیون بون تا پلەوپایەو سەرمایەیەکیان چنگ کەوت وئیتر بەجارێ بێدەنگ بون,ئەوەی بەتەنهانوزەیەکی تێیدا بێ و هەست بکرێ لایەنێکی سیاسی راستەقینەی ئۆ پوزسیونە لە کوردستان ,بەرەی گۆرانە, بەرەی گۆران,وەك هیزێکی ئۆپوزسیون لەکوردستاندا لە هەموو لایەك ئومێدی زیاترە کەببێتە هێزێکیدیارو بەرچاو بەمەرجێك, هیچ لایەنێکی بەرە,بەرژەوەندی تەسکی حزبی خۆیان نەخەنە نێو بەرەو داکۆکی کەرێکی راست و دروستی کێشەی کورد بن و زمانی رەخنەیەکی راستەقینە بن بۆ خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان ئەمەش هەرگیز بەدی نایەت گەر بەرەی گۆران هەر لەسەرەتاوە خۆی ئامادە نەکردبێ بۆ روو بەروو بونەوەیەکی نابەرابەر,بۆ دژایەتی کردن و ناوزراندن,تەنانەت بۆ گرتن و راوەدونان و لێدان..

بەرەی گۆران گەر ژیرانە ,لەگەڵ ئەم رۆژگارەدا هەڵکا, زۆرێك لەخەڵکی کوردستان لە شێوەیەك لە شێوەکان, لە دەسەلاّتی کوردی نارازیە,بەو مانایەی کە بەرە دەتوانێ چانسی گەورەبوون و گەیشتن بە دەسەلاّتی دەبێت.چانسی ململانێ ّو کێشمە کێشی دیموکراسیانەی زۆر زیاتر دەبێت لەوانەی کە ئەمرۆ بەناوخۆیان بە ئۆپوزسیۆن دەزانن و لە راستیشدا تەنها مەنفەزێکن بۆ بەتاڵکردنەوەی ئۆپسیۆن بوون.

# کەمپەینی یاسایی بۆ پشتگیریکردنی مافەکانی ژنان بەردەوامە

25 ڕێکخراوو و چەند ئەنجام پەرلەمانێك و کەسایەتی حکومی و حیزبی ، بۆ پشتگیریکردن لە مافەکانی ژنان و ڕەتکردنەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بارەی دەرکردنی پاسپۆرتی عێراق کە دەبێت ئافرەتان وەلی ئەمریان بهێنن، لە ڕۆژە 4/9 کەمپەینێکیان پێکهێناو یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و کوردستان کردوو، لە یاداشتەکەدا هاتووە" لەم کاتەدا عێراق لەسەروبەندی گۆڕانکاری نوێ و چەسپاندنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیری یاسایی دایە ، کەچی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕێنمایی ئەوەی دەرکردووە کە نابێت ژنان بەبێ ڕەزامەندی باوك و براو مێرد (وەلی ئەمر) پاسپۆرت وەربگرن و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکەن . ئەم ڕێنماییە جگە لەوەی پێشێلکردنی دووبەندی دەستوری هەمیشەیی عێراقە ، هاوکات دژ بەبنەماکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافێکی سەرەتایی ژنانە و کەمکردنەوەی پێگەی ژنە لە نێو کۆمەڵ و خەباتی سیاسیدا"

هەروەها لە یاداشتەکەشدا هاتووە" ئەو ڕێکخراوو کەسایەتی و لایەنانەی کە ناویان هاتووە بە توندی بەرەنگاری ئەو ڕێنماییە نا دەستورییە دەبنەوەو داوا لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقە دەکەن کەبە هەموو شێوەیەك ئەو ڕێنمایە ڕەتبکەنەوە"

عەتا محمەد بەڕێوەبەری ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت لە سلێمانی و هاوکات یەکێکشە لە ئەندامانی کەمپەینەکە بەرۆژنامەی بەرەی گۆڕانی ڕاگەیاند" ئامانجەمان لەو کەمپەینە ڕەتکردنەوەی ڕێنامییەکانی وەزارەتی ناوخۆیەو ئەگەر وەلاّم نەدرێینەوە ئەوکاتە هەڵوێستی ترمان دەبێت"

ناوبراو وتیشی" ئێستا یاداشتەکەمان گەیشتووەتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆکی حکومەتین بۆ ئەوەی ئەو ڕێنماییانە ڕەتبکاتەوە"